گۆران عبداللە:

# ئاسۆی ئێمە كاركردنە بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیەی كە جینۆساید بەرهەمدێنێ

رێكخراوی پەیوەندی كوردی دژی جینۆساید بۆچی ؟

- ئامانجتان لە دامەزراندنی ؟ لەكاتێكدا رێكخراوی تر زۆرن ئایا هیچ خیلافێك هەبوو تا ببێتە كۆسپ لەبەردەم كاركردنتان لەگەڵ ئەو رێكخراوانەی تردا ؟
- ئایا فەترەیەكی زەمەنی هەیە كە تیایدا بە ئامانجەكەتان بگەن ؟ مەسەلەن ئێوە گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو بەكۆتایی بزانن‌و رێكخراوەكەتان هەڵبوەشێنەوە...؟
- پاش ئەوەی دادگا تاوانی ئەنفال‌و هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند چی ترماوە لە پێناویدا تێبكۆشن..؟
- من وای بۆدەچم ئەوكەس‌و رێكخراوانەی لەم بوارەدا كاردەكان دەبێ پەیامی ئاشتیان پێبی‌و دوربن لەدەمارگیری‌و بەكردەوە ئاشتی خوازین‌و مامەلەیان لەگەڵ نەیارەكانیشدا دیموكراتیانە بێت ئێوە چی دەلێن؟



**وەڵامی پرسیاری یەكەم:**

لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیاو هوتافاتی سیاسی ئێمە كەسانێكی كوردین وخەڵكی كوردستانین، بەشێكین لەخۆشی وناخۆشیەكانی. دووری و نزیكی لەو چوار چێوە جوگرافیەوە شتێك لەو مەسئولیەتە ناگۆڕێ كەدەبێ هەریەك لەئێمە هەڵگری بین. كارەسات ڕویداوە ، دەكرێ ڕوبداتەوە. بۆیە پەیوەندیمان دروستكرد بۆ ناساندنی برینەكانمان بۆپەردە هەڵدانەوە لەسەر هۆكاری برینداركردنمان، بۆ ئەوەی دەنگی ئازادیخوازەكانی ئەم وڵاتەبخەینە پاڵ دەنگمان بۆ وەسەر پێخستنی عەدالەت، بۆ روونەدانەوەی كارەسات. بۆ ئەوەی ببینە بەشێك لەوهەوڵانەی كە تراژیدیەكانمان لە كارەساتێكی پەراوێز خراوەوە بگەیەنینە ناوەندە سیاسیە بریاردەرە نێودەوڵەتیەكان.پەیوەندیمان دروستكرد بۆ ئەوەی تەنها سەیركەر نەبین لە ئاراستەكردنی ئەو تراژیدیایەو هۆكارەكانی. پێمان گرنگ بووە ئەو دەنگانەلە ڕێكخراوێكدا كۆبكرێنەوە كەچەمكەكانی لێبوردەیی و ئاشتی لەكۆمەڵگەدا بە بنەما وەردەگرێ بۆ كارەكانی.

**وەڵامی پرسیاری دووەم :**

مەرجی كاركردن لەهەر ڕێكخراوێكدا بۆ تاك تەنها ئەو خاڵانە نین كە وەك بەرنامە لە چەند لاپەرەیەكدا دەخرێنە ڕوو. میكانیزمی كاركردن و پەیوەندییەكانی ناو ڕێكخراوو

جـۆری زمـانی بـەکار هێنـراویش دەورێکـی کاریگـەر دەگێـرن بـۆ دۆزینـەوەی خـود بـۆ کارکردن لە ناو هەر ڕێکخراوێکدا.

درووست بوونی پەیوەندی مەرجدار نەبووە بە بـوونی خیلافـەوە لەگـەڵ ڕێکخـراوە دژی جینۆسایدیەکانی تر، ئەوەندەی گەڕان بووە بۆ دروسـتکردنی چوارچـێوەیەك لـە ڕووی ڕوحییەوە ئارام بەخشبێت بۆ بردنە پێشەوەی کارەکان.

ئێمـە وەك پەیوەنـدی لـەو جێگایـەی کـەکار دەکەین، هـەوڵی سڕینەوەی هـیچ ڕێکخراوێکـی ترمـان نـەداوە کەهـەڵگری هـەمان کەیسـن بـۆ کارکردن. بەپێچەوانەوە کار ئاسانیمان بـۆ یـان کـردووەو هـەوڵی کـاری هاوبـەشمان داوە. بـە بـڕوای ئێمـە زەمـەنی یـەك حیـزب و یـەك ڕێکخراوەو یەك ئۆرگان و ..هتد بەسەر چووە. مەوداو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی ئینسان بـۆ ژیـان و کێشـەکان و چارەسـەرەکان فـراوانتر بۆتەوە. بۆیە ئاساییەلەناو ئێمەشدا کەسانێك بچـنە دەرەوەو ئـەو هەسـتەیان هـەبێت کـە دەتـوانن لـەدەرەوەی ئێمـە کـاری باشـتر ئـەنجام بدەن.

## وەڵامی پرسیاری سێیەم:

لـە بەرنامـەی پەیوەندیـدا هـیچ بڕگەیـەکی لـەوجۆرە نـەهاتووە کـە کۆتـایی کارێـك یـان زەمـــەنێك دیاریکرابێـــت بـــۆ کۆتـــایی و هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە.

ئاســـۆی کـــــارکردن لەپەیوەندیـــــدا " ڕێکخراوەکـەمان" تـا ئـەو جێگایـەی کەسانێك هـەبن و بـەڕێوەی بـەرن، لـە بەدەسـتهێنانی چـەند داخوازییـەك بـەولاوەترە. ئاسـۆی ئێمـە کارکردنە بۆ لە باربردنی ئەو زەمینەیەی کە جینۆساید بەبەردێنێ. کارکردن لەو بوارەدا بـۆ خۆی مەیدانێکی هەمەجۆرەی فراوانە. کورتی و درێـژی زەمەنەکـەی پـێش هـەموو شـتێك پەیوەسـتە بـەوەوە کـە کوردسـتان لـە ڕوی سیاسیەوە چارەنووسی بەکوێدەگات. هەروەها کۆمەڵگـەی کـوردی پـاش ئـەو تراژیدیانـەی بەســـەریدا هـــاتووە چـۆن لـــە خـــۆی و بەسـەرهاتەکانی دەڕوانـێ؟ نەتـەوەو ڕەگـەزە جۆراوجۆرەکانی تـری کوردستان، چ جێگایـەك لە بیرو دیدگای کورددا دەگرن؟ چ پێناسـەیەك سـەبارەت بـە ئاشـتی و ڕوحـی لێبـوردەیی و چـەمکی هـاولاتیبوون لـە ڕوحیـدا تەجسـید دەبێت؟ لەکاتێکدا هەموو ئەو پرسانە بەدڵی ئێمە لە کوردستاندا مەیسەر ببێت، هێشتا ئەو بەرپرسیارێتیە مـرۆڤ دۆستانەیە لـە بەرانبـەر مرۆڤەکانی تر لـە گۆشـە جیاجیاکانی جیهانـدا لەسەر شانی من و تۆ دەمێنێتەوە.

## وەڵامی پرسیاری چوارەم:

بـە ڕەسمـی ناسـینی هەڵبجـەو ئـەنفال وەك جینۆسـاید لەلایـەن دادگـای بـاڵای تاوانـەکان و پەرلـەمان و حکومـەتی عێراقیـەوە بڕیـارێکی گـرنگ و بەرچـاوە سـەبارەت بـە کـردەی جینۆسایدکردنی کورد. بـەڵام کارەکـان لێرەدا نـابێ تـەواو بـبێ ، دەبـێ داوا لـە حکومـەتی عێراقـی وەکـوو جێگـرەوەی حکومـەتی ڕوخـاو بکرێت کە بـە فـەرمی داوای لێبـوردن بکات لـە کوردو قەرەبووی هەموو ئـەو زیانانـە بکاتـەوە کە کورد بەهۆی ئـەو کـردەوە جینـۆ سایدیەوە توشـی هـات. لەسـەرێکی تریشـەوە لـەخۆمان بپرسین ئایا حکومـەتی عێراقـی چ هـەنگاوێکی بـەرەسمی نـاوە سـەبارەت بـە ڕوونەدانـەوەی جینۆسـاید، یـان ئـەو فاکتەرانـەی جینۆسایدی خوڵقانـد لـە عێراقـدا. هـیچ توێژینەوەیـەکی زانستیانەی بۆ کراوە لە ژێر ڕۆشنایی یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا؟ ئەگەر نەکراوە دەبێ بکرێـت ، کردنەکەشـی نـابێ تـەنها لەچـوار چـێوەی کەسانێکی دیاریکراوو هۆڵێکی داخراودا بەرێوە بچێت .دەبێ هەوڵبدرێ لە ئاستێکی فراوانـی جەماوەریدا لەکوردستان وسەرتاسەری عێراقدا

بەرێوە بچێت و خەڵك هۆشیار بكرێتەوە لەو بارەوە.

هەوڵدان بۆ سەپاندنی وانە سەبارەت بە ئاشتی و مافەكانی مرۆڤ و دیموكراتی بە شێوەیەكی چروپڕ لە قۆناغەكانی خوێندندا لە بەر ڕۆشنایی ڕاگەیەندراوی یونسكۆ سەبارەت بە پەروەردە لەپێناوی ئاشتی و مافی مرۆڤ و دیموكراتیەتدا.

سەبارەت بە دونیای دەرەوەش ئێمە كاری زۆر گرنگ دەكەوێتە سەر شانمان. بەو پێیەی پێگەی كورد لە ناوچەكەدا لە ئاستی دەسەڵاتە داگیركەرەكانی كوردستان زۆر لاوازە، بۆیە گرنگە پشتیوانیو دۆستایەتی دونیای دەرەوە بۆ خۆمان و كێشەكانمان پەیدا بكرێت و لە نەتەوەیەكی پەراوێزخراوەوە ببینە نەتەوەیەكی ئاكتیف و كاریگەر.

ئەو هەنگاوانەی كەلە وڵاتەكانی هۆڵەندو سویدوكەنەداو وڵاتەكانی تر نراوە بۆ بە جینۆساید ناساندنی كارەساتەكانمان زیاتر بكرێن و لەكارەكانیشمان هەمیشە وەكوو نەتەوەیەكی ئاشتی خواز بناسرێین.

## وەڵامی پرسیاری پێنجەم:

منیش لەگەڵ رای بەرێزتانم سەبارەت بەوەی كە دەبێ هەڵسوراوانی ئەو بوارە ئاشتیخوازبن. بەڵام كێشەكە لەوێدایە كە هەریەك لە ئێمە چ تێروانینو تێگەیشتنێكمان هەیە بۆ ئاشتی، وە ئەوپێوەرانە چین بۆ دەركەوتنی نیەتی ئاشتیخوازانەمان؟ ئاشتی لەگەڵ كێ و لەپێناوی چی؟ لەكاتێكدا چەمكی ئاشتی بەدەستی هێزە جیهانی ومەحەلێكانەوە خەریكە لەرووحی خۆی بەتاڵ دەكرێتەوەو ئاشتی تەنها لە سۆنگەی بەرژەوەندێكانیانەوە مانا پەیدا دەكات.

چەمكەكانی ئاشتی ، دیموكراتی، لێبوردەیی نەك هەر لە دونیای سیاسەتی كوردیدا بەڵكوو لە زۆرێك لە شوێنەكانی ئەم گۆی زەویەدا وەك هەر وشەیەكی تری ئاسایی ناو برگەكان دەنووسرێنەوە، بێهیچ تێرامان و هەڵوێستە كردنێك. هەریەك لەم چەمكانە بەشێوەیەك لە ناوەرۆكی خۆی خاڵی كراونەتەوە ، كە كۆنەپەرسترین پارت و لایەن بێ هیچ سڵەمینەوەیەك لە بەرنامەو خیتاباتی رۆژانەیان لەپەناى دەیان وشەو ڕستەی خوێناویدا بەكاری دێنن . ئەم چەمكانە، ئاشتی، دیموكراتی و لێبوردەیی دەبێ جارێكی تر لە دونیای ئێمەدا پێناسە بكرێنەوەو لەسەر پێی خۆیان دابنرێنەوە.كلیلی پراكتیسە كردنیان بدرێتەوە دەستی خەڵكو پاكبكرێنەوە لەبەرژەوەندیە تەسكەكانی دەسەڵات و سەركردەكان .

ئاشتیخوازیمان لەم بوارە ، دوركەوتنەوەمان لە شەروو توندو تیژی ، دڵنیا كردنەوەی نەتەوەو ئاینە جیاوازەكانی تری كوردستانە لەپێكەوە ژیانێكی ئاشتیانەدا. دەركەوتنمان وەكوو نەتەوەیەكی ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆست دەبێتە هۆی راكێشانی هێزە ئازادیخوازەكانی جیهان بۆ پاڵپشتیكردنمان.